# دەستدرێژیەکانی سوپای تورکیا
# و
# بێهەڵوێستی دەسەڵاتی باشووری کوردستان... !

**دارا مەحمود**

هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر ناوچە سنوورییەکانی باشوری کوردستان و بارەگاکانی پ ک ک، لە ڕووی سەربازییەوە شتێکی زێدە نوێ نییە و لە ماوەی پتر لەدوو دەهەدا چەندان جار هێرش و پەلاماردانی لەمجۆرە بۆسەر باشووری کوردستان و بارەگاکانی پارتی ناوبراو ئەنجامدراون. بەڵام ئەوەی نوێیە بریتییە لە لایەنە سیاسییەکەی. کەلەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆۆ هەرێمی و جیهانی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.
هەربۆیە شرۆڤەکردنی ئەم هێرش و پەلامارە نوێیە کەمتر بەلای زیانە گیانی و مادییەکانی دوو لایەنی شەڕکەردا دەچن. چونکە کەوتنەوەی زیانی گیانی لەدوولایەن کەچەکدارن. پێشوەخت چاوەڕوانکراوە. بەڵکو زۆربەی لێکدانەوەو شرۆڤەکان بەدوای دیتنەوەی وەڵامی چەند پرسی گرنگ وەک: مەبەستی هێرش لەم ساتەوەختەدا، ئاکامە سیاسییەکانی هێرشەکە، لایەناکانی بەشدارو دژ... هتد کە ئەمانەش هێندەیان باس لێوەکراوەو دەکرێت کە ئیتر لێرەدا زێدە پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکرێت.
هەروا ئەوەی ڕژێمی تورکیاو سیستەمە نەژادپەرستییەکەی دەرهەق بەکورد دەیکات، زێدە نامۆ نییە. بەڵکو چاوەڕوانکراوەو نیشاندەری سیمای ڕاستەقینەی خۆیەتی. ڕژێمێک کەلەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای نەژادپەرستی و نکوڵیکردنی ئەویتر بنیاتنرابێت، هەرئەمەی چاوەڕوان لێدەکرێت. تەنانەت بێدەنگی و بێهەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش جێگای سەرسوڕمان نییە. چونکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، بەتایبەتیش بەرژەوەندییە مادییەکان بەڕێوەدەچێت و بەم جیهانە بێڕەحم و بێدادە ئاشنایە. بەڵام ئەوەی کە تێگەیشتنی زەحمەتە هەڵوێستی دەسەڵاتی باشوری کوردستانە. چونکە ئەوە خەمساری و لاوازیی هەڵوێستی ئەوان بوو بوێریی بەعیراق بەخشی لە کێشەکەدا لایەنی تورکیا بگرێت. و هەر ئەو هەڵوێستەش بوو ئەمەریکای بێخەم کرد، لەوەی ئەو دەسەڵاتە بەرهەڵستکارییەک بنوێنی. و کەواتە ئەو چراسەوزەی ئەمەریکا بۆ تورکیای هەڵکرد، پێشتر لەلایەن دەسەڵاتی باشوورەوە بۆ هەڵگیرسێنەرانی شەڕ هەڵکرابوو.
هەربۆیە لێدوانە لاوازو شەرمناویەکانی بەرپرسانی دەسەڵاتی باشوورو نەچوونی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ دانیشتن لەگەڵ کوندولیزاڕایز سەرنجی کەسی ڕانەکێشاو. جگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خودی، کەسی تر، وەک هەواڵێکی سادەش باسی لێوەنەکرد. چونکە ئەوان پێشتر کاتێک ڕایانگەیاند کەئەگەر سووپای تورکیا هێرش بکات و ئەوان بەمەبەست نەگرێت، کارییان پێدانابێت. و لێدوانەکانی نێچیرڤان بارزانی بەوەی کە ئەوان لەپێناو پاراستنی پەیوەندییان لەگەل تورکیادا هەموو شتێک دەکەن... خۆیان ساغکردەوە. و بەواتایەکی تریش فتوای ئەنجامدانی ئەوهێرشەیان دا . لەوەبەولاوەتریش بڕیاری ناجوامێرانە بە سەپاندنی ئابڵوقەی خۆراک بۆسەر ئەو ناوچانەی چەکدارانی (پ ک ک) ی لێیە ئەو بێلایەنییەی ئەوان بانگاشەیان بۆدەکرد خستە ژێر پرسیارەوە.
هەڵوێستی نابەجێ و هەلپەرستانەی دەسەڵاتی باشوری کوردستان، و بەتایبەتیش بڵاوکردنەوەی ترس و گومان لەوەی تورکیا وڵاتێکی بەهێزەو شەڕی لەگەڵ ناکرێت. یان ئەوەی باری ئابووری هەرێم و

گوزەرانی خەڵک دەشێوێت. یانیش باوی شەڕی چەکداری نەماوەو پ ک ک دەبێ چەک دابنێ. پتر بووبەهۆی چاسووریی تورکیاو جورئەتی هێرشکردن.

لەدیرۆکی هاوچەرخ و کۆنی کوردا کەمتر واهەبووە بزووتنەوەی ئازادیخوازییانەی کورد بەڕێگای نیزامی شکەست بخوات. بەڵکو شکەست. لەڕێگای سیاسەتی هەڵە، دووبەرەکی، خیانەت، فریوخواردن... هتد بەدیهاتووە. ئەمڕۆش هەروایەو ئەوەی شکەست بەبزووتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان دەدات ملکەچی و ترسنۆکی و هەستنەکردن بەبەرپرسیارێتی دیرۆکییە. نەک هێرشی چەند فڕۆکەو شەهیدبوونی کوڕان و کچانی خەباتگێڕ. یان ڕووخاندنی قوتابخانە وسووتانی گوند. ڕوودانی ئەمانە زۆر بەئێشن بەڵام بایەخی خەبات و خواستی ئازادیین.

ئەگەر گەلان بەگەلی کوردیشەوە لەسەر ئەو بنەمایە بیریان بکردایەتەوە کەدوژمن بەهێزەو ملی بۆ کەچ کە، ئەمڕۆ سەرلەبەری دیرۆک باسێکی دەربارەی خەباتی گەلان تێدا نەدەبوو. جگەلەمەش یەک لەئامانجەکانی خەبات ڕاستکردنەوەی پارسەنگی هێزە. و لەمە بەولاوەتریش هێز چەمکێکی ڕەش یان سپی نییە. تورکیا بەهێزی سەربازی و پێگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتبوونی بەهێزەو کوردیش بە مافداربوونی کێشەکەی و پشتیوانی بە ملیۆنانی خەڵکی خۆی دەتوانێ بەهێزبێت.

بێگومان گشت ئەم قسانە بەم واتایەنین کەدەسەڵاتی باشوری کوردسان خۆی بهاوێتە ناو شەڕێکەوە کەهەمووان تێیدا زەرەر مەند دەبن. بەڵام ئەگەر خۆ لەپرسی (پ ک ک) ش ببوێرین، کاتێک زەوی و ئاسمانی کوردستان پێشێل بکرێت و بۆمبا بەسەر گوندو ڕەزو باخ و ماڵاتماندا ببارێن خۆدەبێ هاوارێک بکەین. ! کە نەکرا. بەڵی هەموو دەزانین تورکیا دەوڵەتێکی بەهێزەو لەتوانایدایە زیان بەکوردو قەوارەی باشووری کوردستان بگەیەنێت. بەڵام ئایا لەنێوان ملکەچی و شەڕخواستندا ئەلتەرناتیڤێکی تر نییە.؟ خۆ هیچ نەبێ دەتوانرێ ئاسانترین و بێ زیانترین کارێک کە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی ملیۆنییە لەهەولێری پایتەخت، سازبکرێ کەبە پێویستیان نەزانی. تەنانەت دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی پتر گرنگیان بەڕووداوەکانی ئەم دواییەدا تا هی خودی.

وا پێدەچێ هێرش و پەلامارەکانی سوپای تورکیا لەداهاتووشدا بەردەوامبێت. و ئەوەی ئاستی توندی یان نەرمی ئەو هێرشانە دیاریی دەکات گەلێک شتن. لە هەمووانیش گرنگتر هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستانە. کە دەخوازرێ لەبری سیاسەتی هەلپەرستانە، و دزی و فزی سیاسەتێکی نیشتمانپەروەرانەی ئاشکراو یەکگرتووبێت.